## زیارەتی شێخ زانا

چوومە خزمەت شێخ زانا، لەناو ژووری زیندانا ووتم:
ئەی شێخی دانا، حاڵت چۆنە گیراوی؟
مایەی خەمی تەواوە، ڕۆژگار ئاوا گۆڕاوە
کورد خاوەن حوکم و ناوە، ئەتۆش نێچیری داوی!
فەرمووی: دەپرسی حاڵم؟ بوومەتە بەندی زاڵم
تا سەر ئێسقان دەناڵم، خەوم نییە لە تاوی
وەلێ باشە خواردنم، لە زومرەی بن لادنم
شەیدای کافر کوشتنم، سەر دەخەمە پێناوی
ووتم: یاشێخ بە دینم، وورەت بەرز دەبینم
من شاهیدی ئەمینم، کە هەرگیز نەڕووخاوی
فەرمووی: من موسوڵمانم، لەو دنیایە ژیانم
خەبات هەر بۆ ئیمانم دەکەم بە ڕاشکاوی
ووتم: تۆ خۆت ئیمامی، باش شارەزای ئەحکامی
چی جیاوازە مەرامی ڕێبازی تۆو زەرقاوی؟
فەرمووی: هەر یەک بابەتین، عەشقی هەمان ئایەتین
[فاضربوا فوق الأعناق]، یانی سەر بە بڕاوی
بەڵام بەندە پێم وایە، کە ئیجتیهاد ڕەوایە
بۆیە فتوام ئاوایە سێکس بە تێکەڵاوی
مەشروب و مناڵی جوان، نەشئە دەدەن بە ژیان
موجاهیدی موسوڵمان، دەبێ فێر بن بە لاوی
ئەمە نەزمی براتن، شێوەکانی خەباتن
لە پێناو دەسەڵاتن، دەسەڵاتی سەماوی
ووتم: ئەی شێخی زانا، قسەت پڕن لە مانا
حەیفە لە ناو کوردانا، سووک و ڕیسواو بەدناوی.

موجاهیدێک